# تیرۆری ژنان

شۆرش محه مه د عه لی - هۆلە ندا
shorishomar@yahoo.com

گووتم شیعر •••
گووتیان :- گه ر شیعرێکت ده بێ به له ته نانێکی ره ق و سکی منالێکی برسی تێر ده کات•••
ئێمه ش ده لێین شیعر !!
گووتم شیعر •••
گووتیان :- گه ر لیفه شره ی شعرێکت ، ده توانێ ئافره تێکی سک پری ته زیوی ته ریوی هه لوه دای نێو شاخ و داخان گه رم بکاته وه ئێمه ش ده لێین شیعر!!
گووتم شیعر••• گووتیان " نان " ••• گووتم ئه شق••• گووتیان " نان " ••• گووتم خاک••
گووتیان "نان " ••• ووشه و خاک و ئه شقم لــه نێـــو سه ره ویلکی نان گرێداو له به ر خۆمه وه وه گووتم :-
( ووشه ، نان ، ئه شق ) زاده ی شیعرو زه وی و ئافره تن •• بمانه وێ و نه ماوه وێ ئه مانه گه وره و سه روه ری ئێمه ن ••ئێمه ی پیاوش بۆ رێزلێنانیــان ده بێ فیشه ک به زاتی خۆمانه وه بنێین و خۆمان به کوشت بده ین !!
ووشه ی "نان•• نان •• نــان •••"به رده وامو و بێپچرانه وه له نێو گوێچکه م ده زرنگایه وه•••
کاتێ ووشه ی ئازادیم له ده م ده رچوو هه موو ئیستێکیان کردوو له یه ک رامان !!!
به لێ هـــاورێ گیان •••••
له و رۆژه وه ی له وولاتی ئێمه ئازادی ملی خۆی له هه سانی دیموکراتیه ت ••وه•••وه ده سوێ•
ئێمه ، ئێمه ی کووووووووورد یه ک به خۆ هاوار ده که ین و گوێمان له ده نگی خۆمان نابێته وه •• داری ئازادی به خوێنی گه شمان ئاو ده ده ین و له به ره که ی ناخۆین •• هه ر راده که ین و راده که ین و راده که یــن ،
که سیش له خۆمان ماندووتر نابینینه وه که چی سه رابه و به هه ویان بیگه ینێ و نایگه ینێ • له رۆژهه لاتی نه گبه تو کوردستانی سه ربه هه ش و خاپــور کراودا••ئازادی بۆته هه ورێکی کۆچه ری ، جه سته و رۆحی خه لکیش ئه و زه وییه تێنووه شه قار شه قاره یه هه میشه سینگ و به رۆکیان والایه تا بباریێ و نابارێ !!
له دوای راپه رینه مه زنه که و کۆچره وه به رفراوانه که ـ خه ریکه ده بارێ و نابارێ•• هه تاوی ئازادی هێنده ی کونی ده رزی له ش و لاری که سیره بیمـان گه رم ده کاته وه •• گوێ بیستی ده نگو هات و هاواری خۆمان ده بینه وه له سه ر ئاوازێکی بێ نۆته و نه شاز••• دیموکراتیه ت به ر قه راره و به ر قه رار نییه ••• نــان بۆته شتێکی سه ره کی•• ووشه و داهێنان و ئه زمونگه ری و هونه رو مرۆو مرۆڤایه تی ••• هتد هه موو که وتونه ته گومان و له سورِی ســرِ بوون دان •• خه ریکن ئه وانیش چه واشه ده بن و وه ک خه لکه ره ش و رووته که خۆیان وون که ن و شه و رۆژان (٢٥) کاژێران هـــاوار بکه ن و بلێن :-

نان ••••نـــــان •••••••نـــــــان ••

ئای هاورێ گیان ، که هیلاکین ••• ئه ز له هیلاکیا ده لێم :-
دوێنێ •• ته نها بروسکه و ره هێله ده یتۆقاندم ••• ئیرۆ له هه موو شتێ به گومانم ، له خودی خۆم •• له شیری خاوی مه مکی دایکم •• له بۆنـــــی هه ناسه ی نێو ده می خێزانه که م له ••• له •••

تیوره کان •• بۆ ووردە کرمی نێو گە دە ی برسیان گە مارۆیان داوم ، جە ستە ی نیوە مردووم دە کە ن بە نێچیر• ئە وە تا لە سە ر بە ڕماڵی زیکرو دوعا،پێغە مبە ری گە ورە ی شارە کە م بە مە ندیلی سپی خوا لە بە ر چاوی خۆم ئاشکارانە لە سێدارە م دە دا•• جە ستە م وە کو دە ستە کانم بە هە واوە دە بینم••لە چە پمە وە ش مووی رە ق هە ڵاتوی ریشێکی چڕو پڕ بۆتە دیواری بە رلین و مۆخ و رۆحم لێک دە ترازێنێ• مێشکم کە وتۆتە داوە موسکە ی ئە وو ملم هێندە ی موی سە رم باریک بۆتە وە ••• لە راستمە وە ش هۆرە هۆرێ دێتە بە ر گوێم لە شە پۆڵە شێتە ی دە ریا دە کات •• پێش خۆیم دە داو سە رم بە گاشە بە ردی وویستە پیس و چە پە ڵە کان و پێداویستە نابە جێکانی بژێوی سە ردە م دادە داو سڕ دە بم و لە هۆش خۆم دە چم •• لە پشت سە رمە وە ش بە ئاستە م گوێم لە دە هۆڵی دیموکراتیە تە • ناوێرم سە ربە ستانە لە نێو پێخە فی خە ونە بۆگە نە کانی دوێنێم گە وزان باوێم و سە رم بە رز کە مە وە •• نە بادا بکە ومە کە مینە وە و پە ردە ی گوێم بدرێ •• چونکە دە زانم ئە ویش عە ودالی لە تێ نانی رە قە بۆ تێر بوونی کرمە کانی نێو گە دە ی برسی ••ئای نان •
تۆ چۆن بویتە تیۆری سە ردە م و دوای سە ردە م ••••دە زانم زۆران هە ن وە ک من دە روانە تیۆری نان ••• بە ڵام •••••••••••••••
جار جارە ش پە ناگای رۆحم ئاسمانی شیعرە •• چونکە کۆتری دڵم لە وێ نە بێ بە ئارامی ئۆقرە ناگرێ ••• خۆ ئە گە ر باجی ئە ویش لە تێ نـــانی رە ق بوو ••• ئە وا ئح ویش چش !!!
ئە ی تۆ چی دە ڵێی هاوڕێ گیان ؟!!

---

ئە م نووسینە لە رۆژنامە ی ({نیشتمان} •• لە ١٩٩١–١٩٩٢ بڵاو بۆتە وە